# ئەزموونی کورد لە مۆدێڕنیتی لە دۆخی دابڕاندا[١]

محەممەد حەقمورادی

**پوختە:**

مودێڕنیتی بە دوو رەهەندی لێک‌گرێدراوی نوێکردنەوە و نوێگەرایی پێناسە دەکرێ. ئەزموونی مودێڕنیتی لە هەر وڵاتێک‌دا بەرهەمی چۆنیەتی پێوەندی نێوان ئەم دوو رەهەندەیە. سەرەڕای رەوتە هاوبەش و گەردوونیەکان، مودێڕنیتی لە هەر وڵاتێک‌دا بە پێی مێژووی ئەو وڵاتە، تایبەتمەندی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی جیاواز و تایبەت ئەزموون‌کراوە. ئەزموونی مودێڕنیتی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، دۆخێکی زۆر جیاوازی خوڵقاندوە، لەم نێوەش‌دا بۆ کورد کە نەتەوەیەکی بێ‌دەوڵەت و لە هەمان کات‌دا، لەت‌لەتکراوە، دۆزێکی دەگمەنی پێکهێناوە کە من بە دوو چەمکی 'گەمارۆدراویی" و " بێ‌حاڵ‌ومانێ' شرۆڤەی دەکەم. لە سەر بناغەی ئەم تێڕوانینە، مێژووی مۆدێڕنیتی کوردی، بریتییە لە هەوڵ بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی سووبژێکتیفیتەی مۆدێڕن(ئازاد و سەربەخۆ) و گەیشتن بە خەون و خولیاکانی مۆدێڕن و لە لایێکی دیکەشەوە دارشتنی ستراتێژییە جۆراوجۆرەکان بۆ رێگەنەدان لە لەدایک‌بوون و سەرهەڵدانی ئەم سوبژێکتیڤیتییە. بە رووخانی میرنشینە کوردیەکان، دابڕانێک لە مێژووی کورددا پێکهات کە هەم کۆتایی بە چاخی پێش‌مۆدێڕنی کورد هێنا و هەم سەردەمی لاوازتربوونی کوردی خولقاند کە دواتر لە تەکووزی نەتەوە-دەوڵەت‌دا، سەقامگیر بوو. 'کوردایەتی' وەکوو چەمک و وێژمان، بەرهەمی ئەم پرۆسە مێژوویی‌یە. نزیک یەک دەیەیە دۆخی کورد و پرۆبلماتیکی 'کوردایەتی' تووشی قەیران هاتوون یان بە واتایەکی‌تر، هەست بە قەیراناویی‌بوونیان کراوە، دەربازبوون لەم دۆخە قەیراناوییە، پێویستی بە دابڕانێکی مەعریفی، سیاسی و گوتارییە کە بە بۆچوونی من لە پروبلماتیکی ناسیۆنالیزمی کوردستانی‌دا بیچم‌دەگرێ.

**وشە سەرەکییەکان:** مۆدێڕنیتی، میرنشینی، دابڕان، دۆخی گەمارۆدراویی، مودێڕنیتی بەبارمتەگیراو، فەزای بۆشایی

## ١- دەسپێک

مۆدێڕنیتی[٢] و فۆڕمە سیاسییەکەی واتا نەتەوە-دەوڵەت، دابڕانێکی بنەڕەتی لە مێژوودا خۆڵقاند و گشت ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤی تووشی گۆڕانێک کرد کە ناکرێ بەرەو دواوە بگەڕێتەوە. هەر بۆیە تێگەیشتن لە دۆزی کورد بە درێژایی سەدەی رابردوو و لە دۆخی هەنووکەییدا، پێویستە لە بەستێن و چوارچێوەی مۆدێڕنیتی بخرێتە بەر باس و لێکدانەوە و شرۆڤەی بۆ بکرێت. دۆخی

[١] نووسینی ئەم وتارە بە پێشنیاری ئازاد حاجی ئاقایی بوە. هەروەها یوونس رەزایی دەقی ئەم وتارەی خوێندوە و لە باری زمانی و رێنووسەوە وردەکاری زۆری پێشنیارکرد کە پێویستە سپاسیان بکەم.

[٢] modernity

کورد دەرنجام و بەرهەمی پرۆسە و پرۆژەکانی مۆدێرنیتییە کە دوو ڕەهەندی نوێکردنەوە[١] و نوێگەرایی[٢] لە خۆ دەگرێ. بۆیە پێویستە بزانین مۆدێرنیتی چییە و چۆن و لە کوێوە دەستی پێکردوە و چۆن دۆخی کوردی پێکهێنا و کورد چۆن بەرەورووی مۆدێرنیتی بۆتەوە؟ ئایا کورد خاوەنی ئامراز و توانستی ئەم بەرەورووبوونەوەیە بووە؟. بە واتایەکی دیکە لەو ساتە وەختانەدا دۆخی مێژوویی کورد بە چ ئاقارێکدا تێپەڕیوە و چۆن لە هەلومەرجی نوێ ڕوانیوە و چۆن لە دۆخی خۆی تێگەیشتووە و بە چ شێوەیەک ئەم دۆخەی ئەزموون کردووە؟ هەروەها بە چ واتایێک دەتوانین باسی ئەزموونی کورد لە مۆدێرنیتی کوردستانی بکەین. بۆچی ئەزموونی کورد لە مۆدێرنیتی دروستە و ناتوانین باسی مۆدێرنیتیی کوردستانی بکەین؟.

مێژووی کورد لە چاخی مۆدێرن و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی لە گەڵ مۆدێرنیتیدا جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە پێویستە لێکدانەوەیەکی ئارکیۆلۆژیکاڵ[٣] لە سەر ئارشیڤی تایبەت بەو پارچەیە بکرێ و لە سەر ئەم بناغەیە و هەروەها وێکچوونی نێوان هەموو بەشەکانی کوردستان، کاری ڕەچەڵەکناسانە[٤] لە سەر سووبژێکتیڤیتەی کورددا بکرێ. لە ڕاستیدا ڕەچەڵەکناسی سۆبژێکتی مۆدێرنی کورد، واتا گەڕاندنەوەی بۆ سەرەتاکانی دارشتن و ئافراندنی سۆبژێکتی کوردی لە سەرەدەمانی دەرکەوتنی مۆدێرنیتی، سەرهەڵدانی سەرمایەداری و دامەزراندنی نەتەوە-دەوڵەت کە ئەمە خۆی بە واتای لێکدانەوەی پێوەندی نێوان مەعریفە و دەسەڵاتە.

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، بەشێک لە پرۆسەی مۆدێرنیتی و سەرمایەدارییە و تەنیا لە ئەو بەستێنەدا دەتوانێ گەشەبستێنێ. مێلاشۆڤیچ(٢٠٠٦) پێیوایە مۆدێرنیتی گرێدراوی ناسیۆنالیزمە و گێڕاننەوەی ئایدولۆژیکی زاڵ لە مۆدێرنیتی و شرۆڤەکردنی، پێویستی بە لێکدانەوەی ناسیۆناڵیزم وەک ئایدولۆژی بەکردەوەکراوی چاخی مۆدێرنەیە. بە پێی ئەم بۆچوونە، پرسیارێک دەخولقێت کە ئێستا چۆن دەتوانین لە ناسیۆنالیزم[٥] و مۆدێرنیتی لە بەستێنی کۆمەڵگای کوردستاندا بپەیڤین؟. ئەم وتارە دەیهەوێت تێزە پەیوەندیدارەکان بە مێژووی کورد لە دۆخی مۆدێرندا ڕوخساربەندی[٦] بکات و تێرامانێکی تیۆریک لە مەڕ ئەم دۆخە بخاتە بەر باس و بەرەو 'بەچەمککردنی'[٧] مێژووی کورد هەنگاو بنێت. بە واتایەکیتر هەوڵئەدات بە داهێنانی چەند تێگەی سیاسی-کۆمەڵایەتی، شێوازێک بۆ خوێندن و نووسینەوەی مێژووی کورد لە چاخی مۆدێرندا، دەربخات. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم دەقە تەنیا لە سەر ئاست و پێگەی توێژینەوەیی خۆی پێداگری ناکا و دەیهەوێت وەکوو کردەیەک، بچێتە پاڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان و هەوڵێک بێ بۆ بەرفراوانترکردن و قووڵترکردنی 'دابڕان' وەکوو دیسکورس و بزاڤێکی مەعریفی و سیاسی. دەتوانین بڵێین ئەم وتارە جیا لە دەسپێکی پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەیی، فرەتر گەرەکیە وەک 'ئەکتێکی سیاسی' بێتە نێو کایە و مەیدانی هێزەکانەوە.

---

[١] modernization
[٢] modernism
[٣] Archeological
[٤] Genealogical
[٥] دەکرێ بوترێ بەرهەمهاتنی ناسیۆناڵیزم وەکوو دیسکورس و ئایدولۆژیا لە کۆمەڵگای کوردستاندا چ لە باری زەینی و مەعریفییەوە و چ لە باری ماتریالیستییەوە، تا ئێستا نامومکین بوە
[٦] artification
[٧] concepualization

## ٢- کورد لە دوای دوو ڕووخاندا

- ڕووخانی میرنشینە کوردیەکان

بیرکردنەوە و نووسین لە ژێر کاریگەری و ڕکێفی نەریتی غەیریکوردیدا سەبارەت بە مێژوو و دۆزی کورد، شێوازێک لە بیرکردنەوە و ئاخافتنی خولقاندوە کە پرس و کێشەی کورد، دەکات بە ناپرس و کێشەبوونی لێ دەسڕێتەوە. بۆیە بە پێی ئەم ڕوانگەیە دەبێ بوترێ، 'سازاندنی'[١] دۆزی کورد لە دەرەوەی نەریتی بیروهزری داسەپێندراودا دەردەکەوێت و هەر لە ئەم ئاراستەیەدا دەبێ لە سەر ئارشیڤێک کە لە سەر کورد بەرهەمهاتوە، لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە و ئارکیۆلۆژیکاڵ ئەنجامبدرێت. هەروەها بەشێک لە هۆکاری ئەم قەیرانە فکرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە چۆن تێڕامان و توێژینەوەی زانستیانەمان لە سەر دۆزی کورد نەکردوە، خاوەنی چوارچێوەیەکی تیئۆریک و چەمکیانە بۆ شرۆڤەی مێژوو و ئاخافتن لە سەر دۆخ و دۆزی کورد نین. بۆیە بەردەوام 'دەیقەبڵێنین' [٢] و 'رایدەگوێزن' بۆ سەر ڕووداو و دیاردەگەلێک وەک کولۆنیالیزم، سایکس-پیکۆ، خەیانەت، فاشیزم و هتد. بۆ نووسینی مێژووی ڕەخنەگرانەی کورد و نووسینی مێژووی ئەمێستاکە (فۆکۆ، ١٣٨٨) پێویستە لە سەر مەتریاڵ و تاقانەبوونی مێژوویی[٣] کوردستان بونیات بندرێت. واتە، شیکردنەوەیەکی دیار لە دۆخی دیار بخاتە بەر دەست و نەچێتە ژێر بۆچوونێک کە پێی دەوترێ 'مێژووی نەبوونەکان'. زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت کۆمەڵناسی مێژوویی کورد و کوردستان لە سەر ئەم بناغەیە و لە ناوەندانان و پروبلێماتیک کردنی[٤] پرسی کورد دادەمەزرێ و بە بێ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵگەلە، ڕۆنانی ئەم زانستانە مومکین نییە و هەر لێکۆڵینەوە و بیرۆکەیەک لە دەرەوەی ئەم بازنەیە، تەنیا بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ڕۆژئاواناسی و ئایدۆلۆژی وڵاتە داگیرکەرەکانە و تایبەت-بوونی[٥] مێژووی کورد لە ژێر چەمک و تیئۆریە ڕۆژئاواییەکاندا ون دەکات و لە ئاکامدا جۆرێک زرەزانست[٦] و زمانبازی سیاسی[٧] بەرهەمدێنن. بە پێیئ ئەم بۆچوونە، لە ژێر چەمکی کلۆنیالیزم و بەستێنە مێژوویەکەیدا، مێژووی هاوچەرخ و هەنووکەیی کورد، تووشی هەڵسپاردن و سڕکردن دەبێت[٨] و ئیتر ئەو تیۆری و چەمکە جێگای واقعیەت دەگرێتەوە و لە سەر دۆخی مێژوویی کورد دەپەیڤێ و لێکدانەوەیەکی نێومانە[٩] بەرهەم نایەت.

بە پێی ئەم تێڕوانینە، شرۆڤەی کۆمەڵگای کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی کۆلۆنیکراو شتێک سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان نایێژێت و بۆ لێکدانەوەی دۆخی کورد یارمەتیمان نادا. راڤە و شرۆڤەی دۆخی کورد لە ژێر چەمک و گوتاری کلۆنیالیزم(سلێمانی و محەمەدپوور،٢٠٢٠) یان بەکارهێنانی چەمکی"دۆخی دەگمەن' بەو شێوە کە پیرمەندگەلێکی وەک ئشمیت( ١٩٨٥) و ئاگامبێن[١٠]( ٢٠٠٥) کەڵکی لێ وەردەگرن( بینەندە.١٣٩٩ و محەممەدی، ١٤٠٠)، تاقانەیی مێژوویی(ڤێبر.٢٠١١) و لە هەمانکاتدا دەگمەنبوونی دۆخی کورد دەشارنەوە و لە ڕاستیدا شتێک سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستان باسناکەن. چوونکە ئەو شێوە ڕوانینە تەنیا دووپاتکردنەوەی ئەو بیر و

---

[١] construction
[٢] Projection
[٣] Historical Individual
[٤] Problematization
[٥] Singularity
[٦] Pseudo - science
[٧] rhetoric political
[٨] suspension
[٩] Immannet
[١٠] Giorgio Agamben

هزرانەیە بۆ کەیسی کورد و شتێکی لێ زیاد ناکا. ئەم شێوازە لە کاری توێژینەوەیی، کەیسی دەگمەنیی کورد ون و تووشی لێڵی و تەمومژ دەکەن. ئەم وتارە هاندەرێکە بۆ تێڕامانێکی یبردۆزیانە بۆ دامەزراندن و ڕۆنانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کورددا کە خۆی گرێدراوی پێکهاتنی "جڤاکی زانستییە١ " لە سەر دۆزی کورد.

ئەم وتارە لە سەر بناغە و پێناسەکردنی چوار قۆناغ لە مێژووی هاوچەرخی کورددا دارێژراوە:١-سەردەمی پێش مۆدێرن؛ کە تەکووز و فۆرمی سیاسی میرنشینی بە سەر کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ بوە و لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە جۆرێک لە فیوداڵیزم و دەرەبەگایەتی سەقامگیر بوە. ٢- قۆناغی دووهەم  یان فەزای بۆشایی؛ دوای رووخانی میرنشینەکان پێکهات و دابڕانێک لە سەردەمی پێش مۆدێرنی کۆمەڵگای کوردستاندا ڕووی‌دا و بە دوای خۆی‌دا، فەزایەکی بۆشایی سیاسی خولقاند و بە شێوەیەک قۆناغی دوای خۆی مسۆگەرکرد. ٣- سەردەمی مۆدێرنیتی و تەکووزی و فۆرمی نەتەوە- دەوڵەت و دەسپێکی مێژووی گوێڕایەڵ٢ و ژێردەست‌کردنی سوبژێکتی کوردی. لە ئەم قۆناغەدا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە پێکهاتە و دارشتەی چاندی، زمانی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کورددا ڕوویدا. ٤- قۆناغی دابڕان؛ لە مێژووی گەردوونی‌دا  بە مۆدێرنیتەی دواین پێناسە دەکرێ٣، دیجیتاڵیزەبوونی جیهان و گشتگیربوون و پەرەسەندنی میدیاکان لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەیەن کە هەل و دەرفاتێکی گونجاوی بۆ کورد رەخساند کە بتوانێ خۆی پێناسە بکات و لە دەرەوەی وێژمانی زاڵی 'ئەویدی' دا خۆی بناسێنێ. هەر لە ئەم دەورانەدا رژێمی بەعس رووخا و هەرێمی کوردستان لە بەشێک لە باشووردا دامەزرا. هەروەها لە دڵی قەیرانی سووریا، 'رۆژئاوا'' وەکوو چەمک و ئایدیایەک لە دایک بوو و کوردی وەکوو نەتەوەیەک کە خاوەنی تێرامانێکی فەلسەفی و سیاسی نوێیە بە دنیا ناساند و جۆرێک لە "مەڵبەندکردنەوە" ٤و بەرفراواترکردنی لە چەمکی "کوردبوون٥" و نەتەوەیی بوونی کۆرددا بەرهەمهێنا. .بە پێی ئەم بۆچوونە، دەتوانرێ ئەم قۆناغە وەک کرانەوەیەک بۆ دەرکەوتنێکی نوێ و دابڕانی کورد لە گوتاری 'کوردایەتی'٦ پێناسە بکرێ.

کوردستان واتا ئەو جۆگرافیایەی کە مەڵبەندی دێرینی ژیان و ژیاری کوردە، بۆ ماوەیەکی درێژ بە سەر میرنشینەکان و هێز و دەسەڵاتە ناوخۆییە بچووکەکاندا دابەشکرابوو، هەر بۆیە دەتوانین بێژین کوردستان سنووری ئاڵۆز و لێڵی نێوان ئەو هێز و دەسەڵاتە ناناوەندی و ناسەربەخۆیانە بووە و هەرێمی هەر کوردێک بە هەرێمی کوردێکی دیکەوە سنووردارکرابووە و تووشی دابەش‌بوونێکی ناوخۆییش ببوو. بۆیە دەتوانین بڵێین، میرنشینی، ناوچەگەرایی، تێکهەڵچوون، ناتەبایی ودژبەیەکیی وەکوو میرات بۆ کورد بەجێ‌هێشت.

دیارە کاتێک ڕەوت وشەپۆلەکانی مۆدێرنیتی، ئێران و عوسمانی دەگرنەوە، بەشێک لە دیوانسالار، یرمەند و شازادەکانی ناوخۆی دەسەڵات، بزووتنەوەیەک بۆ لە نوێ‌دارشتنەوە، نوژەن‌کردنەوە و بەهێزکردنی دەوڵەت(زیاتر بەهێزکردنی سوپا و دامەزراندن و چاکسازی دامودەزگا حکوومەتییەکان) و هەروەها هەوڵ بۆ بەربڵاوترکردنی دەسەڵاتداری خۆیان بە سەر تەواو جوگرافیای  سیاسی  وڵاتدا دەست پێ‌دەکەن. ئەمە رێک بە واتای دارشتنی ستراتێژی بۆ بێ‌هێزکردن و پاشان سڕینەوەی دەسەڵات و هێزە ناناوەندییەکانە. بە واتاییکی‌تر لۆژیکی ناوەندگەرای نەتەوە-دەوڵەت لە تەک لۆژیکی ناناوەندگەرای میرنشینیدا، تووشی تێکهەڵچوون و دژیەکی بوون. هەر لەم چوارچێوەیەدا،

---

١ Scientific community
٢ subjection
٣ Late modernity
٤ reterritorialization
٥ kurdness
٦ kurdism

سەرکوت‌کردن، کوشتن و دوورخستنەوەی میر و میرزادەکان و پیاوە دەسەڵاتدارەکانی کورد و هەوڵ بۆ لەناوبردنی میرنشینەکان لە سەردەمی "ڕێکخستنەوە"[١] بە دواوە وەکوو ستراتێژییەک ڕەچاو کرا.

بە پێی هەلومەرجی سەردەم و مێژووی جیهانی، درێژەدان بە شێوەی حوکمڕانی میرنشینی و ناناوەندگەرایی نامومکین بوو. بە واتایەکی-تر تەکووزی میرنشینی نەیدەتوانی بەردەوام بێ و درێژەی پێبدرێ، لە هەمان کاتیش‌دا توانستی ئەوەی تێدا نەبوو کە دوای خۆی هێزێکی سیاسی و مەعریفی بۆ تێگەیشتن لە ئەم 'کۆتایی پێهاتنە" و هەروەها بۆ گواستنەوەی بەرەو دەوڵەت پێک‌بێنێت. لەو سەردەمەدا کورد لە لۆژیک و هەلومەرجی نوێ، تێنەگەیشت، چۆن هەر لە بنەمادا شێوەی میرنشینی حکوومەت، ئیمکانی تێگەیشتن لە ئەو دۆخەی نەدەڕەخساند. ئەم زانین و تێگەیشتنە پێویستی بە دەستەیەک دیوانسالار و سیاسەتمەدار بوو کە هەلومەرجی نوێ بخوێنێتەوە، بەڵام لە دام و دەزگای میرەکاندا ئەمە بوونی نەبوو. بە وتەیەکی‌تر بەرەوڕوو بوونەوەیەکی هزری و بیرمەندانە، پێویستی بە نەریتێکی فیکری سەقامگیر و تاقمێک بیرمەند، سیاسەتوان یان لانیکەم دیوانسالار هەیە کە ئەمە لە تەکووزی میر نشینی‌دا بەرهەم نایە.

بە رووخانی میرنشینەکانی بۆتان، رواندز، هەکاری، جزیر، بابان، سۆران، بدلیس و ئەردەڵان تا نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە، بە هۆی زاڵبوونی لۆژیکی نەتەوە- دەوڵەت و سەقامگیربوونی ئەم فۆرم و شێوازە لە حکوومەت، دابڕانێک لە کۆمەڵگای کوردی‌دا رووی دا کە بوو بە بەستێنێک بۆ دارمان و شپرزەبوونی زیاتری پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و کۆمەڵگای کوردستانی بە تێکڕایی تووشی گۆڕانێکی بەرین و قووڵ و بێ‌گەڕانەوە کرد، بە جۆرێک کە حاجی قادری کۆیی رووخانی میرنشینە کوردەکان وەک خەسارێکی گەورە بۆ کورد وێنا دەکا (میرزا، ١٤٠٠: ٨٣). بە گشتی فەزایەک لە بێ‌هێزی و بێ‌دەسەڵاتی پێک‌دێت کە ئالتووسێر بە'فەزای بۆشایی' ناودێری دەکا.

### - رووخانی ئیمپراتووری عوسمانی و پاشایەتی قاجار

بە پێی 'راڤەی دابڕانتەوەر لە مێژووییمۆدێرن'[٢](گیدێنز (١٩٨١) و (١٩٨٥)ئاشنایی و بەرەورووبوونەوەی وڵاتانی نا-ئەورۆپی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بوە هۆی گۆڕینی بنەڕەتی پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو وڵاتانە و هەلومەرجێکی نوێی بە سەریاندا سەپاند. ئەو شتەی پێی ئەڵێن سەردەمی 'تەنزیمات'[٣] لە سەردەمی عوسمانی‌دا، بە تایبەت لە سەردەمی میدحەت پاشا وەک ریفۆرمیستێکی عوسمانی و هەروەها لە سەردەمی شۆڕشی 'مەشرووتە'[٤] لە ئێران‌دا، لە ژێر کاریگەری ئەم ئاشناییەدا، بە دەسپێکی هەوڵ و تەقەلا بۆ دارشتنەوەی دەوڵەت و ناوەندخوازیی دەناسرێت. ئەمە بەو واتایەیە کە نەزمی میرنشینی و دەسەڵاتی کوردی هەڵبوەشێتەوە و ناوچە کوردنشینەکان بخرێنە ژێر رکێفی دەوڵەتی ناوەندی. ئەم سیاسەتە دواتر لە چوارچێوەی نەتەوە-دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی تۆکمە و تەواو بەرێوەچوو. ئەم ساتە مێژووییە دەبێ وەک خاڵی وەرچەرخان لە مێژوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێی کوردا راڤە بکرێ. ئەم ساتە سەرەتای دەست‌پێکردنی‌کۆمەڵێک ستراتێژی جۆراوجۆر بۆ لەناوبردن و نکووڵی‌کردن و ژێردەست‌کردنی کورد وەک نەتەوە بوو. هەروەها بەرێوەبردنی شێوەگەلی جۆراوجۆری توندوتیژی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و هێمایین لە لایەن دەوڵەتە زاڵەکان بە سەر کوردا بوو. لە هەمان کاتدا بەرنگاری کورد بەرانبەر

---

[١] Tanzimat period – reorganization ottoman
[٢] Discontinuist interpretation of modern history
[٣] Tanzimat period – reorganization ottoman
[٤] constitutionalism

ئەو هێرشە هەمە لایەنە بوو لە ژێر چەتری گوتار و چەمکێک کە پێی دەگوترێ 'کوردایەتی'". دەتوانین بڵێین 'کوردایەتی' لە سەرەتای ئەم پرۆسەیەوە هەتا ئەم دواییانە کە کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە و پرۆبلێماتیک کراوە، نەزمی مەعریفی و گوتاری سیاسی کوردە بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی و دەستەبەر کردنی برێک لە مافەکانی.

کورد بەشێک لە دوو ئیمپراتووری ئێران و عوسمانی بووە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووە، دواتریش بووە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە. بۆیە کورد وەک خەڵک و بە شێوەی خەڵکیانە نە وەک نەتەوە یان لە چورچێوەی نەتەوە-دەوڵەتدا لەگەڵ مۆدێرنیتی ڕووبەڕوو بۆتەوە. ئەگەر لە چەمکی ئاگامبێن[1] (١٩٩٨) کەڵکوەربگرین وەک ژیانی ڕووتەڵ[2] لەگەڵ ئەو دۆخە دەستەوئێخە بووە. لە ئاوا دۆخێکدا کورد تووشی مۆدێرنیتی بوو و هەر ئەم دۆخە مێژوویی‌یە، باندۆری خستەسەر ڕووداوەکانی دواتریش. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئاخاوتن لە مۆدێرنیتە بۆ کورد بە چ شێوازێک مومکین دەبێ؟

لە سەردەمی مێژوویی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە وڵاتە ڕۆژاوایییەکان دەستیان بە سەر ئیمپراتووری عوسمانیدا گرت، ئاماژە بە مافی کوردیش بۆ سەربەخۆیی کرا، بەڵام بە هۆی لاوازبوونی بیری ناسیۆنالیستی لە نێو کورددا، هێزە کوردییەکان نەیانتوانی یەکریزی و تەبایی و یەکیەتی لە نێو خۆیاندا پێک بێنن و لە سەر پرۆژەیەکی نەتەوەیی بە ێسەرنج و گرنگی‌دان بە پرسی ئیسلام و تۆرک،، دۆزی کورد واتا سەربەخۆیی و سەروەری بە سەر خاک و نیشتماندا بکەنە ئامانجی سەرەکی و لە سەر ئەو خاڵە ساغ‌ببنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ناسیۆنالیزمی تورکی، عەرەبی، فارسی و نەتەوەکانی دیکەی ناوچە خەریکی گەڵاڵەکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی و بەرفراوانترکردنی پانتای سیاسی دەسەڵاتی خۆیان بوون. ئاکامی ئەم هەلومەرجە، دۆڕاندن و قوربانی‌بوونی کوردی لێکەوتەوە، واتا لەت‌لەت‌بوون و بێ‌دەوڵەت‌بوون، کە بنچینە و بنەمای بەسەرهات و دۆخی کوردی لە باری سوبژێکتیف و ئوبژکتیفەوە پێک‌هێناوە: دۆخی 'گەمارۆدراویی' و 'بێ‌ماڵ‌وحاڵی'[3]. هەستی کورد بە دۆخی گەمارۆدراویی لەم ڕستەیەدا خۆی دەردەبڕێ ' 'کوردەکان هیچ دۆستێکیان بێجگە لە چیاکان نییە'. هەڵبەت کورد زۆر جار ئەم تێگەیشتنەی خۆی وەلا ناوە و بڕوای بە دوژمنانی کردووە. هەرچەند 'گەمارۆدراویی" ئاماژە بە لایەن و ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و سەربازی دەکا و 'بێ‌ماڵ وحاڵی' زیاتر ئاماژەیەکی زەینی و ڕۆحییە، بەڵام هەردووکیان، هەر دوو ڕەهەندەکە دەگرنەبەر و پێوەندیی ناوەکییان لە گەڵ یەکتردا هەیە. دۆخی "داگیرکراوی" یان بە زاراوەی ژیرۆ زاگرۆس(٢٠٢٠)"دۆخی داگیربوون" کە من بە ئەم دوو چەمکە پێناسەم‌کرد، مرۆڤی کوردی کردە مرۆڤێکی داگیرکراو و بەستێنێکی خۆش‌کرد کە گوتار و ئایدیۆلۆژیاکانی دژبەر و نەیاری کورد بە ناو سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزمی نەتەوە زاڵەکان و ئیسلامی سیاسی بتوانن کورد وەکوو سووژەی خۆیان بانگهێشت بکەن و بۆ لای خۆیان پەلکێشی بکەن.

بە ڕووخانی تەکووزی کۆنی ئیمپراتوورییەکان و لۆژیکی ئەو فۆرمە، فەزایەکی شڵەژاو و مەیو پێک‌هات کە بەو هێزانەی کە لەو کاتەدا هەبوون، شیمانەی دارشتن و دامەزراندنی شێوە و فۆرمی دیکەی دەسەڵات و حکوومەتی دەدا. لەم فەزای هەڵپە و بۆشاییەدا، چۆنکە تەواوی پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێکدەشکێن و بۆشاییەک لە هێز و دەسەڵاتدا پێکدێ، دەرفەت بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سۆبژێکتی سیاسی دەرەخسێ و دەتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست و حکوومەتی نوێ بونیات بنێ. دەرکەوتن و دەسەڵات‌گرتنی ڕەزا شا لە ئێران و ئاتاتۆرک لە تورکیە بەرهەمی ئەم فەزا و دۆخە بوون. نەبوونی سووژەیەکی سیاسی کە بتوانێ ئەو دەرفەتە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کورددا بقۆزێتەوە لە

---

[1] agamben
[2] Bare life
[3] Homelessness

پاڵ ئەوەش‌دا بە هۆی لەت‌لەت‌بوون، لێکترازان و نەبوونی یەکیەتی نەتەوەیی، کورد نەیتوانی لەو دەرفەتە مێژوویی‌یە کەڵک وەربگرێ. بە کورتی لەناوچوونی فۆرمی ئیمپراتووری لە ئێران و عوسمانی‌دا و پێک‌هاتنی فەزای بۆشایی، بە دەرکاوتنی رازا شا و ئاتاتورک و جێگیربوون و سەقام‌گیربوونی فۆرمی نەتەوە-دەوڵەت لە ئەو دوو وڵاتەدا، پڕکرایەوە، بەڵام بە هۆی بەستێن و هەل‌ومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری تایبەت، کورد نەیتوانی خۆی ئەم فەزایە پڕبکاتەوە و قەڵەمڕەوی[١] کورد کەوتە ژێر رکێفی دەوڵاتی نوێ و ستراتێژیەکانی نوێکردنەوەدا.

### ٣- مۆدێرنیتی و دۆخی کورد

بە گشتی تا چەند دەیەی رابردوو پارادایمی نوێکردنەوە[٢] بە سەر راڤە و خوێندنەوەی مۆدێرنیتی‌دا زاڵ بوو و مۆدێرنیتیان تا ئاستی نوێکرنوە دادەبەزاند و سنووردراریان دەکرد. بە پێی ئەم بۆچوونە، مۆدێرنیتی مودێل، سەرچەشن و رەوتێکی گەردوونییە کە لە ئەورووپا دەرکەوت و وڵاتانی دیکەش دەبێ ئەم رەوت و شێوازە بگرنە بەر کە ئاکامی دەبێتە جۆرێک لە بە رۆژاوایی و بە ئەورووپایی‌بوون. تەواوی ئەو کارانەی کە لە سەر پەیوەندی کورد و مۆدێرنیتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کراوە دەچنە ناو خانەی پارادایمی نوێکردنەوەدا. چون ئەم دەقانە، کارتێکەری‌ی کوردیان لە پرۆژەگەلی نوێکردنەوە لێکداوەتەوە و پەرژاونەتە سەر ئاڵوگۆڕێک کە نوێکردنەوە لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری کورد وەکوو کۆمەڵێک خەڵک دایناوە. گوتاری نوێکردنەوە جەخت دەکاتە سەر ئەوە کە کورد بە پێی هەڵسەنگاندنی لە تەک وڵاتە ئەورۆپییەکاندا، چ نەبوونێکی هەیە. پارادایمی نوێکردنەوە لە ئاکامدا نەتەوە بێ‌دەوڵەتەکان یان بەو جۆرەی دەڵێن ' ئێتنیسیتە' بەرەو لەناوچوون دەزانێ، بە بڕوای من ئەم روانگەیە دۆزی کورد دادەبەزێنێ و بە واتایەکی‌تر دەگمەن‌بوونی دۆزی کورد و جیاواز و تاقانەبوونی ئەزموونی کورد لە مۆدێرنیتەدا نادیار دەکا و دەیشارێتەوە. هەروەها لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا ئاخاوتن لە ئەزموونی مۆدێرنیتە و شێوازگەلی دیکەی مۆدێرن‌بوون نامومکینە.

بە واتایێکی‌تر ئەگەر مۆدێرنیتی بریتی بێ لە نوێکردنەوە, ئیتر هەر لە سەرەتادا دۆزی کورد بێ واتا دەبێ و شەرعییەتی نامێنێ. بەڵام ئەگەر مۆدێرنیتی بە واتای سووبژێکتیڤیتەی سەربەخۆ(هایدێگێر) یان ئەو جۆرەی کە هێگل سووبژێکتیویتە بە ئازادی لە زەین، پێناسە دەکا، یان کانت، رۆشنگەری بە بوێری لە زانین و بەکارهێنانی ئەقڵ و دەربازبوون لە منداڵێتی پێناسە دەکا(کانت،١٣٧٠)، شرۆڤە بکەین؛ ئەوجار دۆزی[٣] کورد سەرهەڵدەدات و بنەماییێکی واتاداری دەبێ. بە گشتی رۆشنگەری بە واتای بەرنگارییە لە بەرانبەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی کۆیلەکردن و کلۆنیالیزم. لەم سۆنگەیەوە مۆدێرنیتیی کوردی، واتا پرسی سوبژێکتیڤیتی سەربەخۆ. لە سەر بناغەی ئەم تێروانینە، مێژووی هاوچەرخی کورد یان مێژوویی مۆدێرنیتی کوردی، هەوڵێکە بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی سووبژێکتیڤیتەی مۆدێرن(ئازاد و سەربەخۆ). هەروەها بزاڤێکە بۆ گەیشتن بە خەون و خولیاکانی مۆدێرن. لە بەرانبەردا دارشتنی ستراتێژییە جۆراوجۆرەکانە بۆ بەرگری‌کردن لە لەدایک‌بوون و سەرهەڵدانی ئەم سوبژێکتیڤیتەیە. بە وتەیەکی‌تر مێژووی هاوچەرخی کورد، بریتییە لە بەرخودان لە بەرانبەر مۆدێرنیتیی نوێساز، دەوڵەت تەوەر و ئەتنیکی، بۆ وەدەست‌هێنانی مۆدێرنیتی بە واتای سووبژێکتیڤیتەی مۆدێرن، خۆسەر[٤] و سەربەخۆ.

---

[١] Territory لە کوردی‌دا وشەگەل هەرێم. مەڵبەند و پاوان-یش پێشنیارکراوە

[٢] modernization

[٣] دۆز بە هەر دوو ماناکەی: کێشە و ئاستەنگی و هەروەها ئارمان

[٤] Self determinism

قسەکردن لە سەر ئەزموونی مۆدێرنیتی بەو شێوازە کە بێرمەن١( ٢٠٠٩) و ئایزنشتات٢( ١٩٩٩)باسی لێدەکەن لە چوارچێوەی نەتەوە-دەوڵەت و جوگرافیای سیاسی دیاریکراودا مومکین دەبێ، بۆیە ئێمە لە ئەزموونی مۆدێرنیتیی نەتەوە بێدەوڵەتەکان یان بە زاراوەیەکی تر ئەزموونی مۆدێرنیتی لە دۆخی بێدەوڵەتیدا قسە دەکەین. کورد ئەزموونێکی سەربەخۆ و توکمەی لە مودێرنیتی نییە کە مۆرک و شوێنەواری کولتوور و روانگەی کوردی لە سەر بێ. تەنیا تا رادەیەک لە باشوور و رۆژاوا دەتوانین باس لەم ئەزموونە بکەین. هەر بەم هۆیەوە من لە مێژووی رێکخراوە مۆدێرنەکان ناکۆڵمەوە و لە چارەنووسی کورد لە مۆدێرنیتیدا ڕادەمێنم کە بە جۆرێک لەگەڵ مێژووی مۆدێرنی ئەو وڵاتانەی کە کورد تێیاندا بندەستکراوە گرێدراوەتەوە.

پرۆژەکانی نەتەوە-دەوڵەتسازی بەشێکن لە پرۆسەی مۆدێرنیتی. بەڵام بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان یان ئەو نەتەوانەی لە پرۆژەی دەوڵەتسازی نەتەوە زاڵەکاندا، ژێردەستکران، بە واتای سەرهەڵدان بۆ سەربەخۆییە کە خۆی مانایەکی دیکەیە لە مۆدێرنیتی و ئەگەڕێتەوە بۆ پیروهزری رۆشنگەری کە باڵی ئایدۆلۆژیکی مۆدێرنیتییە. کانت لە وتارێکی ناوازەدا سەبارەت بە مۆدێرنیتی دەڵێ:

> رۆشنگەری دەربازبوونی مرۆڤە لە منداڵبوونێک کە خۆی تاوانباریەتی، منالّی؛ واتا نەتوانین لە بەکارهێنانی ئاوەز بە بێ چاوەدێری و رێنوێنی ئەویدی، ئەگەر هۆی ئەم منالّبوونە، نە نەبوونی فام و تێگەیشتن، بەڵکوو نەبوونی ئیرادە و بوێری لە بەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆت بە بێ رێنوێنی ئەویدی بێ، ئەوە تاوانی لە ئەستۆی خودی مرۆڤە. دروشمی رۆشنگەری ئەمەیە؛ بوێر بە لە بەکارهێنانی تێگەیشتنی خۆت(کانت، ١٣٧٠).

مۆدێرنیتی وەک مێژووی گەردوونی، گشت شوێن و پێکهاتەیەکی خستووەتە ژێر باندۆر و رکێفی خۆیەوە و تووشی گۆڕانی هەتاهەتایی کردوە. بە وتەیەکی دیکە، لە چاخی مۆدێرندا هیچ دیاردەیەک لە دەرەوەی بازنەی مۆدێرنیتیدا نییە، بۆیە ئاخاوتن لە 'نەریت" و 'کۆمەڵگای نەریتی" بەم مانایە، بێواتایە. هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە بۆ نموونە سیاسەتی کورد لە سەر بناغەی هزری سیاسی مۆدێرن روونراوە. مودێرنیتە بۆ وڵاتە غەیری رۆژئاواییەکان، گرێدراوی ناسیۆنالیزم و پرسی ناسنامەیە و بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بە واتایەک کە ئەکسێل هۆنس[٣]( ١٩٩٦) باسی دەکا دەگەڕێتەوە سەر چەمکی "ناسینەوە."[٤]

مێژوونووسی رەخنەگرانەی کورد، جیا لە راڤەی خاڵی هاوبەش و لێکچوونەکانی هەر چوار پارچە، دەبێ خاڵە جیاواز و تایبەتەکانیشیان نادیار نەکات. بە گشتی کۆمەڵگای کوردستان لە هەر چوار پارچەدا سەرەڕای جیاوازییەکانیان، مۆدێرنیتییان بە شێوەیەکی داسەپێندراو ئەزموونکرد و رەهەندی ژانووسی و لایەنی تاریک و تاڵی مۆدێرنیتی، تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانیانی داگیرکرد. دووپاتبوونەوەی کارەسات بە سەر کورددا بە شێوەیەکە کە دەتوانین بڵێین ئوبژەی جیلی-ی"کورد کارەسات پێکیهێناوە. هەر بۆیە دەتوانین ناوی بنێین "مۆدێرنیتیی کارەسات[٥]" یان مۆدێرنیتە وەک ترۆما. ئەم دۆخە ترۆماتیکە، جۆرێک لە منداڵبوونی لەکەسایەتی مرۆڤی کورددا پێکهێناوە و وکوو ئاستەنگێک لە بەرانبەر ئافراندنی مرۆڤی پێگەییو و رەشید دەوری بینیوە. ئەم منالّێتییە لە ئەم رستەیەدا خۆی دەردەخات:' کوردەکان هیچ دۆستێکیان بێجگە لە چیاکان نیە'. هەروەها هەر لە

---

١ Berman, Marshall
٢ Eisenstadt
٣ Axel Honeth
٤ recognization
٥ Disaster modernity

ئەم ئاڕاستەیەدا ژیژەک[١] کورد وەکوو فریشتە وێنا دەکات. ئەمە ئاماژەیەک بە دۆخی کورد لە بەستێنی مۆدێرنیتیدایە. دەنا مەزنبوون[٢]ی کورد لە ڕوانین و تێڕامانێکی جوانیناسانەدایە کە دەتوانێ داڕێژەر و بونیاتنەری سامانێکی نوێ و جیاواز بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێ. من'کوردبوون' وەک تێڕامانێکی جیاواز و جیا لە فەلسەفە و ئاین، پێناسە دەکەم کە خۆشەویستی ژیان و سروشت، جۆرێک لە ڕوانینی شاعیرانە و 'سەرمەستانە'، یان بە زارەوەی نیچە ' زانایی شادمان[٣] ، هزری دژ بە ئایدۆلۆژیا و دژایەتی لە تەک توندوتیژیدا، پێکهاتە و ناوەڕۆکی ئەم تێڕوانینە پێکدێنن. شرۆڤەی ئەم پێناسەیە پێویستی بە نووسراوەیەکی جیاواز و تەواو هەیە کە بۆ داهاتوو دەمێنێتەوە.

کورد لە دۆخی بێ دەوڵەتی و هاوکات لێکدابڕنی نەتەوەیی و گوتاری ناسیۆنالیستی لاوازدا، کەوتە ژێر تەوژمی پرۆژەکانی نەتەوە-دەوڵەتسازییەوە، کە خۆی بەشێکە لە ڕەوتی مۆدێرنیتی. نەتەوە-دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر خاک و نەتەوەی کورددا، بەردەوام ستراتێژی تواندنەوە یان پرژ و بڵاوکردن و بە "قەرەج کردنی" کوردیان دەگرتە بەر. واتا دەیانویست لە ئاکام و دەرنجامی شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی فیزیکی، سیاسی، کولتووری و هێماییندا، کورد بکرێتە خەڵکێکی خۆجێیی[٤] (Kymlicka. ٢٠٠٠) و گەلێکی بێناسنامە و بێ یوتۆپیا، کە وەک دانیشتوانی هەژار، بێهێز و دابەشکراوی چەندین وڵات بناسرێن. هەروەها کۆمەڵێک ستراتێژی بۆ 'لە نەتەوەخستن'(رێناس،٢٠٢٠)، لە خەڵک‌خستن، لە خاک‌خستن و "داماڵینی جوگرافیا"یان گەلاڵە کرد تا گەلێکی بێجوگرافیا، بێسنوور و بێ-نیشتمانێکی دیاریکراو بخولقێنن تا لە کۆتاییدا شوێنێک نەبێ پێی بوترێ کوردستان و نەتەوەیەک نەبێ پێی بگوترێ کورد. ئەم پرۆسەیە و هەروەها تەواو مێژووی چاخی مۆدێرنی کورد، بە کەڵک‌وەرگرتن لە چەمک‌گەلی دلووز و گەتاری[٥]،(١٩٨٧) بریتییە لە ستراتێژی‌گەلێک کە لە باری سیاسی، نەتەوەیی، هێمایین و جوگرافییەوە کورد تووشی دۆخی مەڵبەند سڕینەوە[٦] دەکەن، لە بەرانبەردا، بەرخۆدان و خەباتی کورد بۆ مەڵبەندزایی[٧](مەڵبەند دانان) و گەورەترکردنی کوردبوون بە هەموو مانا و ڕەهەندەکانیەوە بەردەوامبوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتی کوردی ئەوەیە کە وەک گەل و نەتەوەیەکی دابەشکراو، مۆدێرنیتیی ئەزموون کرد نەک وەک نەتەوە-دەوڵەتێک و لە ئەو هەلومەرجە هەستیارە مێژووییەدا، هیچ دەستەڵاتێکی سیاسی و سەروەری بە سەرخۆیدا نەبوو. دوای ڕووخانی میرنشینە کوردەکان و دەرکەوتنی ڕەوتە مودێرنەکان، دابڕانێک لە سامانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەریتی کوردا پێکهات. داڕماویی و لێکدابڕاوی جڤاکی و داهێزراوی سەربازیی و نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی کورد، 'دۆخێکی ئاوارتە'[٨]ی بۆ کورد پێک هێنا کە سەرچاوە و بناغەی ئەو شتەیە کە "دۆزی دەگمەنی کوردی بەرهەم هێناوە. بە گشتی کورد لە فەزایەکی بۆشاییدا دەژیا. ئەو دۆخەی ئالتووسێر پێی دەڵێ "ساتی ماکیاولیانی[٩]".

---

[١] SlavoJ zizek
[٢] Greatness
[٣] The Gay science
[٤] Indigenous People
[٥] Gilles deleuze
[٦] deterritorialization
[٧] reterritorialization
[٨] state of exception
[٩] Machiawelian moment

(ئالتووسێر،٢٠٠٦)کە لە هەمان کاتدا دەرفەتێکە بۆ سەرهەڵدانی سوبژکتێکی سیاسی کە دەسەڵات بگرێتە دەست و سامانێکی سیاسی نوێ دابمەزرێنێ.

فەزای بۆشایی دەرفەتێک دەرەخسێنیت کە سوبژێکتێکی سیاسی سەرهەڵبێنێ و کۆتایی بەو فەزا بۆشاییە بێنێ و دەرفەتەکە بقۆزێتەوە و تەکووزییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ پێک بێنێت. بەڵام بە هۆی دابەشبوونی کورد بە سەر چەند وڵاتدا، داهێزراویی کۆمەڵایەتی و نەبوون یان لاوازبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی و هەروەها نەبوونی بەرەیەک سیاسەتمەدار و رۆشنبیری نەتەوەیی، بەرهەمهاتن و ئافراندنی سووژەیەکی سیاسی نەتەوەیی لەو دەرفەتەدا نامومکین بووە. تەکووزی میرنشینی، ناسیۆنالیزمی لێ ناکەوێتەوە، چون هەر لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژیکی نەتەوەیی دانەمەرزابوون و شێوازێک لە دەوڵەت(بە مانا پێش‌مۆدێرنەکەی) نەبوون کە خاوەن تاقمێک دیوانسالار بن کە گۆڕینی لۆژیکی سەردەم هەستپێبکەن و بیر لە حکوومەت و چۆنیەتی پاراستن و بەردەوام کردنی دەسەڵات بکەنەوە.

بە هۆکارگەلێکی مێژوویی دیاریکراو لە دۆخی دوای رووخانی میرنشینەکان،کورد نەیتوانی بەرەو نەتەوە-دەوڵەت هەنگاو بنێت. هەر لە بنەڕەتدا، دارمانی میرنشینەکان، جیا لەوەی بووە هۆی لاوازبوونی کورد، خۆی نیشانەی ئەم لاوازییە و لە بەرانبەریش‌دا، نیشانەی بەهێزبوونی دەستەڵات و هێزە ناوەندییەکانە کە بە هۆی هاریکاری و پێوەندی لە تەک وڵاتە ئەورووپیەکاندا ، زووتر لە تەک رەوت و رەهەندەکانی مودێرنیتەدا ئاشنا بوون و توانییان هێزی سیاسی، چەکداری و مەعریفی خۆیان کۆبکەنەوە و لە بیری دووبارە دارشتنەوەی شێوەی دەسەڵاتداری و حوکمڕانی دابن.

دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی و قاجار تووشی قەیران و دارمان بوو و بە دۆخێکی شلەژاودا تێدەپەڕی و دەستەڵاتی ناوەندی لاواز بوو، بەڵام چون کوردیش لە دۆخێکی بۆشاییدا دەژیا، نەیتوانی ئەو هەل و دەرفەتە مێژووییە بۆ خۆی بقۆزێتەوە و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاو بنێت. ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە دوای تێپەڕبوونی ئەم فەزا بۆشاییە و جێگیربوونی نەتەوە-دەوڵەت لە ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە، دۆخی لاوازیی، بێ‌هێزی و بێ‌دەسەڵاتی کورد مسۆگەربوو و ستراتێژی‌گەلی جۆراوجۆر بۆ تواندنەوە و لە ناوبردنی دەستی‌پێکرد. دەتوانین هەموو کارەساتەکانی دژ بە کورد و ستراتێژییە جۆراوجۆرەکان بۆ ژێنۆسایدکردنی بە شێوەیەک بۆ ئەم رەوتە مێژووییە بگەڕێنینەوە. جێی ئاماژەیە بە هەمان شێوە لە دوای رووخانی بەعسیش کورد نەیتوانی یا نەیویست بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەوڵێکی پێویست بدات. لە بری ئەوە تەواو هەوڵی خۆیان دا کە دیسان دەوڵەتی ناوەندی دابمەزرێننەوە. هەڵبەت ئەوەی کە کورد بە درێژایی مێژوو نەیویستوە یان نەیتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دابمەزرێنێ هەڵگری زۆر باسی رەخنەیی و لێکدانەوەی مێژوویە و دەبێ لایەنی ئۆبژێکتیڤ و سۆبژێکتیڤی "توانین" و "ویستن" شرۆڤە بکرێ.

نەبوونی بیرۆکرات و سیاسەتوانی کورد کە دوخی کورد پروبلماتیک بکەن و ئەم پرسیارە بورووژێنن کە لەم هەلومەرجە نوێیەدا کورد چی بەسەردێ و دەبێ چی بکات؟ بووە هۆی ئەوەی کە تێگەیشتن لە سەردەمی نوێ لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و رەوت و پرۆژەکانی مۆدێرنیتی وەک نەتەوە-دەوڵەت سازی و سەرمایەداری و کاریگەرییان لە سەر دۆزی کورد بەرهەم نەیت. لەو دۆخە مێژووییەدا کورد خاوەنی ژێرخانی مەعریفی، سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویست بۆ تێگەیشتن لە هەلومەرجی نوێ نەبوو. لە راستی‌دا دەتوانین بێژین کورد کەوتە بەر

ئابلۆقەی مودێرنیتە. لە گەمارۆی هێز و ڕەوتەکانی چاخی مۆدێرن، دەوڵەت-نەتەوەکانی زاڵ و هەروەها هەلومەرجی سەرمایە-داریدا، کورد هەستی بە بێهێزی و جۆرێک لە پەرتەوازەیی و پەرێشانی کرد کە دواتر وەک بێحاڵومالی زەینی لە سووژەی کوردی و بێحاڵومالی نەتەوەیی خۆی وەدەرخست.

کاتێک لە سەر مۆدێرنیتی لە وڵاتە نا-ڕۆژاواییەکاندا قسە دەکەین، ئەم کێشەیە ڕاستەوخۆ بە پرسی ناسنامەوە گرێ دەدرێت و بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان جیا لە پرسی ناسنامە، پێوەندی دەبێت لە تەک ستراتێژی مان و نەمان و پرسی تەناهی و دەبێتە پرسێکی بوونناسانە. بۆیە بە بۆچوونی من راڤەی دۆخی کورد لە سەردەم و هەلومەرجی مۆدێرندا دەبێ راڤەیەکی سووبژکتیڤ بێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕوانگەیەکی ئایدیالیستی رەچاو دەکەم و ئەو شێوازە دەگرمەبەر. لە راستیدا شیکردنەوەیەکی رەچەڵەکناسیانە[1] بۆ مێژوو تەنیا بە زاڵبوون بە سەر دووانەی سووبژکتیڤیتە و ئوبژکتیڤیتە دا مومکین دەبێ. بۆیە بە پێی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لە مێژووی کورد، دەبێ لێکدانەوە و شرۆڤەیەک ماتێریالیستی لە سەر سووبژکتی کوردی ئاراستە بکرێ. چون لە ئاکامدا ئەزموونی مۆدێرنیتیی کورد بریتییە لە تێکدان و لەناوبردنی کورد وەکوو نەتەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵ بۆ مانەوە و پاراستنی خۆی وەک نەتەوە. بە واتایەکی تر تێکهەڵچوون و دژایەتی لە نێوان هەوڵ بۆ داهێنانی سووبژکتی کۆیلە و ژێردەست و لە بەرانبەردا بەرنگاری و هەوڵ بۆ پێکهێنانی سووبژکتی سەربەخۆ. مۆدێرنبوون بۆ کورد بە واتای وەلانان و دەربازبوون لە مێژوو، ناسنامە و گوتاری داسەپێندراوە.

لەتلەت و پارچەپارچەکردنی لایەنی جەستەیی نەتەوەبوونی کورد، کە پارچەپارچەکردنی جوگرافیا و خاکی کوردستانە، هەروەها هاوتەریب لە تەک ئەم داگیرکردنە، هەوڵی هەمە لایەنە بۆ لە نەتەوەخستنی دراوە. بۆ نموونە سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا، نە وەک پێکهاتەیەکی مۆدێرن بۆ پێکهێنانی خۆناسین و کەرامەت و کەسایەتی بەخشین، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بۆ نکوولیکردن لە خۆت و داماڵینی کەرامەت، دامەزران. مرۆڤی کورد زیاتر لە هەر دیاردەیەکی مۆدێرن لە تەک هێزە سەربازییەکان و چەک و فڕۆکە و کیمیاباران و بە گشتی ئامرازی کوشتن و توند و تیژی ئاشنا بوون.

کورد لە سەردەمی پێشمۆدێرندا، دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە و دواتریش لە هەلومەرجی دەرکەوتنی مۆدێرنیتی لە ناوچەدا، کورد لە دۆخی پەرش‌وبڵاوی داهێزراویی دوای رووخانی میرنشینەکاندا بوو. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە تەکووزی میرنشینی، سامانێکی بەهێز و پڕ لە تەناهی بوو، بەڵام نەمانی ئەو دەسەڵاتە کوردییە تا کاتی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە زاڵەکان بە سەر کورددا، کۆمەڵگای کوردستان زیاتر تووشی داهێزراوی و لاوازبوون بوو. دواییش کە فۆرمی نوێی حکوومەت واتا دەوڵەت-نەتەوە سەقامگیر بوو، دۆخی بێهێزی و لاوازی کوردیان بە ئاقارێکی نەگۆڕدا برد.

لە سەر چەمک و بنەمای تیۆری شمیت( ١٩٨٥) و ئاگامبین( ٢٠٠٥)، کەسانێکی وەک(کاردۆ بۆکانی،٢٠١٦)و بینەندە(١٣٩٩)، دۆخی کورد بە دۆخی 'ئاوارتە' کە جۆرێکە لە بێ قانوونی یان هەڵپەساردنی قانوون، شرۆڤە دەکەن. بە بۆچوونی من دەگمەنبوونی دۆخی کورد بە واتای تێپەڕبوونی کورد بە ڕەوتێکی بێزاگۆنیدا نییە، بەپێچەوانە، بە پێی زاگۆنی ئایینی و نەتەوەیی بۆ کوشتن و لەناوبردنی کورد "فەرمان" دراوە. بۆیە دۆخی ئاوارتە و دەگمەنبوونی دۆزی کورد، واتای ئاڵۆزی، تایبەت و تاقانەبوون و جیاوازی دۆزی کوردە کە جیا لەوەی کە لە دۆخی بێ

---

[1] Genealogical

دەوڵەتی‌دا دەژی، بە شێوازگەلی جۆراوجۆر دابەش و لەت لەت‌کراوە و بەردەوام لە دۆخێکی بان‌ئاسایی[1] و ئاوارتەدا ژیاوە. دۆخی دەگمەن بە دەوڵەتەوە گرێدراوە، بەڵام دەگمەن‌بوونی دۆخی کورد واتای دابەش ولەت لەت بوونە، لە دۆخی بێ‌دەوڵەتی‌دا کە دۆخێکی ئاوارتەیی نییە بەڵکوو وەکوو رێسایەک کورد لە چاخی مۆدێرن‌دا بەردەوام بە دۆخێکی ئاوارتەیی‌دا تێپەڕیوە. دەوڵەت هەم پێکهێنەری تەناهی و هێمنایەتییە بۆ مرۆڤ و هەم گەورەترین مەترسی و هەڕەشەیە بۆ سەر تەناهی تاک و کۆمەڵ. لە دۆخی بێدەوڵەتی‌دا، کورد لە بێ‌تەناهیەکی هەراو و بێ‌سنووردا ژیاوە، جۆرێک لە بێ‌تەناهی بووناسانە، چون بەردەوام لە ژێر هەموو جۆرە مەترسی و هەڕەشە و توندوتیژی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی‌دا بووە، 'کوردایەتی' بەرهەڵستی خۆڕسکی کورد بەرانبەر بە ئەو هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر کیانی نەتەوەیی خۆی و لە هەمان کات‌دا سیستمێک بۆ شرۆڤە و دەربازبوون لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوە.

### ٤- دەرنجام

کورد لە مێژووی مۆدێرن‌دا و هەتا ئێستاش لە دۆخێکی قەیراناوی‌دا ژیاوە و هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری کۆمەڵگای کوردستان بە ئاقارێکی قەیراناوی‌دا تێپەڕیوە، بەڵام کێشەی بنگەهی ئەوەیە کە کورد تێڕامانێکی مەعریفی و هزریی لە سەر رەوت و هەل‌ومەرجی گشتی ژیانی خۆی نییە، بۆیە هەست بە قەیراناوی‌بوونی دۆخی خۆی ناکا و قەیراناوی پێناسەی ناکا و ئەمە لەمپەر و ئاستەنگێکی بەهێزە بۆ دەست‌پێکردنی بزاڤێکی مەعریفی و هزری کە دۆزی کورد بکاتە پرۆبلماتیکی خۆی. بۆیە دەتوانین بڵێین تێگەیشتن لە دۆخی هەنووکەیی کورد هەر لە قۆناغی دەستپێک‌دا دەمێنێتەوە.

مۆدێرنیتی کێیەتی، چییەتی و چی ویستنی کوردی پرۆبلێماتیک کرد. مۆدێرن‌بوون بۆ کورد بەو واتایەیە کە من خۆم، خۆم پێناسە دەکەم و خۆم دەناسێنم و ناچمە ژێر گوتار و راڤەی ئەویدی(داگیرکەر). لەم رووەوە، ناسیۆنالیزم وەکوو بەشێک لە گوتاری مۆدێرنیتی، دەتوانێ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارانە یارمەتیدەر بێ. هەڵبەت هەوێنی خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی و ماکی بزاڤی رزگاریخوازی کوردیش هەر لە مۆدێرنیتەوە سەرچاوە دەگرێ و هەر لە لەو بەستێنەدا مومکین دەبێ.

ئەگەر 'پێشکەوتن' و "دەوڵەتی دەسەڵات‌دار' دەبێتە ئایدیای مودێرن بوون، بۆ کورد، ئایدیای مودێرن، بە چەمک گەلێک وەک "ناسینەوە"، 'سەربەخۆیی"، 'خۆسەریی" راڤە دەکرێ. گوتاری "کوردایەتی" نەیتوانی ئەم چەمک و داخوازی‌گەلە وەکوو پێویست تیۆریزە بکات و هەر ئەمە بە گشتی باندۆری خستووەتە سەر ستراتێژی نەتەوەیی کورد. بەشێک لە قەیرانی نەتەوەیی کورد، لە قەیراناویی بوونی خودی گوتاری 'کوردایەتی'دا خۆی‌دەنوێنێ و شرۆڤە دەکرێ کە جۆرێک لە کاردانەوەی نەریتخوازانەی کوردە لە بەرانبەر ترۆمای مۆدێرنیتی‌دا. بۆیە ئامانجی من لەم وتارەدا هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی پرۆبلماتیکی کوردایەتییە کە هەم بەرهەم و لە هەمان کات‌دا کاردانەوەیە لە بەرانبەر مۆدێرنیتیی 'بە بارمتەگیراو'دا. مەبەستی من لە داهێنانی 'مۆدێرنیتەی بەبارمتەگیراو' پێش‌خستنی نوێ‌کردنەوە لە بەرانبەر دەست‌کێشانەوە لە خەون و خولیاکانی مۆدێرن(مودرنیسم) وەک سەربەخۆیی، ناسینەوە و سەروەرییە. بە واتایەکی‌تر، مۆدێرنیتی بێ مۆدێرنیتیی سیاسی.

ئێستا پرسیاری بنگەهین ئەمەیە کە دابڕان لە دۆخی کارەسات‌باری کورد لە مۆدێرنیتی چۆن دەست‌پێ‌دەکا و پێک دێت و سووژەی دابڕان کێیە؟. بەردی بناغەی ئەم وەرچەرخانە چیە و لە سەر چ تەوەرێک بیچمی گرتوە؟.

---

[1] extraordinary

بزاڤێکی مەعریفی لە نێو خوێندکار و ڕۆشنبیری کوردا دەستیپێکردوە کە هەم لایەن و ڕەهەندی ڕەخنەیی هەیە و هەم لە ئەندێشەی ڕۆنان و دامەزراندن دایە. دابڕانێک کە ئێستا خەریکە پێکدێت، دابڕان لە وێژمانی نەریتی سیاسی-کولتووری کوردە کە دەکرێ لە ژێر چەمکی 'کوردایەتی'دا کۆبکرێتەوە بەرەو ئایدیۆلۆژی ناسیۆنالیسم کە دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی، دالی ناوەندیی[1] و سەرەکییەتی ئەم پاڕادایمە رووی خۆی لە فاکتەرە دەرەکییەکانەوە وەردەسووڕێنێ بەرەو ناوەوە و خودی کورد دەکاتە ئامانجی گۆڕان و دەسپێکی ڕەوتی دابڕان. بەردی بناغەی ئەم وەرچەرخانە، لە سووبژێکتیڤیتەی مرۆڤی کورد دایە. لەم گرامێرە نوێیەدا دەستەڵات و هێز پێگە و شوێنێکی سەرەکی و تایبەتیان هەیە و دەچێتە ناوەندی گوتاری نەتەوەیی کوردەوە. بە زاراوەیەکی‌تر دەبێ بزاڤێکی مەعریفی، گوتاری و سیاسی بۆ هەڵگەڕاندنەوەی هەرێم و مەڵبەندە داگیرکراوەکان لە بواری زمان، گوتار، سیاسەت و سنوور بۆ ژێر ڕکێفی کورد دەست پێبکا. کورد پێویستی بە دابڕانێکی مەعریفی لە تێڕوانینی باو لە سەر خۆی و ئەمری سیاسی و دەسەڵات هەیە و دەبێ قۆناغی ناسەربەخۆیانە بە هەموو لایەنە مەعریفی، گوتاری، سیاسی و کولتوورییەکەیەوە تێپەڕێنێ. ئەوەی کە دابڕان توانستی لە دایکبوونی هەیە یان وەک هەورێکی نەزۆک تێدەپەڕێ پێوەندی هەیە بە کۆمەڵێک فاکتۆری جۆراوجۆرەوە.

ئەگەر کوردایەتی تەکووزی مەعریفی خۆڕسکی کورد بۆ تێگەیشتن و بەرەوڕوو بوونەوەی لە تەک هەلومەرجی سیاسی و کولتووری خۆی بوو، ناسیۆنالیزمی کوردی/کوردستانی دەبێ ببێتە ئالتێرناتیڤی ئەو نەریتە و وەکوو بزاڤێکی فەلسەفی، سیاسی و هزری، سوبژێکتی نەتەوەیی کورد بئافرێنێ. لێرەدا من ناسیۆنالیزم بە مانای ئەتنیکی و نەتەوەخوازییەکەی بەکارناهێنم بەڵکوو مەبەست بزووتنەوەیەکی هزری و سیاسییە کە لە سۆنگەی کوردەوە ئافرێندرا بێت. دیارە ناسیۆنالیزم لە بەستێن و هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتدا دەخوڵقێ.

دەوڵەت و بە تایبەت لە فۆرمە مۆدێرنەکەیدا واتا نەتەوە-دەوڵەت، مەترسیدارترین پێکهاتەیەکە کە مرۆڤ دایهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەبوونی ئەم فۆرم و قەبارە سیاسییە، بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، هۆڤانەترین و مەترسیدارترین دۆخ دەخوڵقێنێ. ترس و نەبوونی تەناهییەکی بێ سنوور. نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە نێو تەکووزی دەوڵەت-نەتەوەکاندا، جیا لەوە لە نەتەوەبوون دەخرێن، هەوڵدەدرێ مرۆڤ-بوونیان لێداماڵێت و لە مرۆڤبوون بخرێن. هەر بۆیە بێدەوڵەتی خۆی لە خۆیدا کارەساتە و هەروەها هەڵگر و هەوێنی کارەساتە. چاخی مۆدێرنیتی کورد لە ئاوا دۆخێکدا تێپەڕی، بۆیە دەتوانین بە تێگەی " مۆدێرنیتیی کارەسات" ناودێری بکەین. نەتەوەی بێ دەوڵەت، لە دۆخی بێ قانوونی و لە ڕاستیدا لە دۆخی بێتەناهیدا دەژی. ئەم دۆخە سووژەی کوردی خستووەتە ژێر باندۆری خۆی و سوبژێکتیویتەیەکی ترساو، ژێردەست و "ڕەعیەت‌ئاسا"ی بۆ کورد بەرهەمهێناوە کە کەرامەت و کەسایەتی تاکی و نەتەوەیی کوردی پێشێل کردووە.

تەنیا هەوڵ بۆ ئافراندنی کورد وەکوو سووژەیەکی نەتەوەیی کە سەربەخۆیی بکاتە دۆز[2]ی سەرەکی و بنگەهی خۆی و لە هەمان کاتدا بێ دەوڵەتی و ناسەربەخۆبوون وەکوو بنەما و بنەڕەتی سەرەکیترین کێشەکانی وێنا بکا، دەتوانێ لە دۆخی داسەپاویی، داگیرکراوی، لەت‌لەت بوویی و ژێردەست بوون دەرباز و ڕزگاری بکا و 'سوبژێکتی کوردی سەربەخۆیی‌خواز' پێکبێنێ. ئەمە شرۆڤەیەکی کورت و پوختە لە ناسیۆنالیزم. دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە دەبێتە کۆتاییهاتنی ئەزموونی کارەساتاوی کورد لە مۆدێرنیتی و دەسپێکردنی مۆدێرنیتیی کوردستان. بە دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی کورد، دەتوانین لە مۆدێرنیتیی کوردی یان بە زارەوەیەکی دیکە مۆدێرنیتیی کوردستانی بپەیڤین کە ئەزموونی سەربەخۆی کوردە

[1] nodal signifier

[2] بە هەر دوو ماناکەیی؛ کێشە و ئارمان

لە مودێرنبوون و هەڵگری روانگە و تێگەیشتنی کوردە لە مۆدێرنیتی. ئەگەر مۆدێرنیتی و رۆشنگەری بە دەربازبوون لە مناڵێتی و بوێربوون لە بەکارهێنانی ئەقل و ئیرادە پێناسەدەکرێ. کورد لە بری گەڕان بە دوای تاوانباردا، دەبێ بەرپرسیارێتی لەدایکبوونی دووبارەی خۆی وەئەستۆ بگرێ.

هیچ قاعیدەیەکی جیهانی بۆ هیچ شتێک لە ئارادا نییە، بۆیە بە بۆچوونی من، 'نەتەوە'، تەنیا، دەرنجام و بەرهەمی دەوڵەت نییە، بۆیە کورد و بەتایبەت رۆشنیێری کورد دەبێ پرۆژەی نەتەوەسازی لە هەموو کەرتەکانی‌دا دەست‌پێبکەن، کە لە بنەڕەتدا خودی 'رۆشنیری کورد' لە دڵی ئەم پرۆژەیەدا لە دایک دەبێ. بەرهەمهاتنی نەتەوە وەک سووژەیەکی سیاسی، سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەیی دەکاتە ئامانجی خۆی و لە پێناو ئەمەدا، سەروەریی نەتەوەیی، تەناهی نەتەویی، خاک و وڵات و زمان و کۆلتووری نەتەوەیی واتادار دەبێ. لە دەرنجامی ئەم پرۆسەیەدا، دەتوانین لە مۆدێرنیتی کورد و دوابەدوای ئەویش لە مۆدێرنیتی کوردستانی بئاخوین.

## ژێدەرەکان


- بۆکانی، کاردۆ(٢٠١٦) دۆزی دەگمەن، دۆزی کورد، چاپ ئەلەکترۆنی
- بینەندە، مەسعوود(١٣٩٩٢٠٢٠) فەزا-سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارادایمی سنوور، گۆڤاری پۆلیتیا، ساڵی سێهەم ژمارەی هەوەڵ
- روحی، مراد(٢٠١٤) پرابلماتیزه کردن گسست تاریخی کردستان  ایران، مجله جامعه‌شناسی ایران، دوره چهاردهم شماره ٢
- رێناس، سیروان(٢٠٢٠) قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی لە بزووتنەوەی کوردستاندا، پۆلیتیا، ساڵی دووەم، ژمارەی ٤
- زاگرۆس، ژیرۆ( ٢٠٢٠) "نارێکییەکانی داگیربوون" ، چاپ ئەلەکترۆنی
- نەبەز، جەماڵ(٢٠٠١) ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا، چاپی دووهەم، )هەولێر

- Agamben, G. )١٩٩٨(. Homo Sacer: Sovereign power and bare life. Translated by Daniel Heller-Roazen. California: Stanford University Press
- Agamben, Giorgio. (٢٠٠٥), State of Exception ،Chicago: The University of Chicago Press,
- Althusser,Louis (٢٠٠٦), Philosophy of the Encounter, Later WriΘngs, ١٩٧٨-٨٧, Edited by: Francois Matheron and Oliver Corpet, Translated with an Introduction by: G, M Goshgarian, London & New York: Verso

- Eisentadt, s(١٩٩٩), multiple modernities in an age of globalization' Canadian journal of sociology, Vol.٢٤, no. ٢ pp٢٨٣-٢٩٥
- Berman, Marshall (٢٠٠٩). All That Is Solid Melts Into Air:The Experience Of Modernity (٩th ed.). London, New York: Verso
- Beşikçi, Ismail. (٢٠٠٤), International Colony Kurdistan ‹London: Parvana,
- Deleuze, Gilles, & Guattari, Félix. (١٩٨٧). A Thousand Plateaus: Capitalism and Schizophrenia (Brian Massumi, Trans.). Minneapolis: University of Minnesota Press
- Giddens, Anthony(١٩٨١), A Contemporary Critique of Historical Materlialism, London: The Macmillan Press
- Hegel, G.W.F. Elements of the Philosophy of Rights; Cambridge Text in the History of Political Thought, edited by Wood A.W. (Cambridge: Cambridge University Press, ١٩٩٦) p ٢٧٥.
- Honneth A )١٩٩٦(, The Struggle for Recognition, The Moral Grammar of Social Conflicts, Translated by Joel Anderson, The MIT Press Cambridge, Massachusetts
- Louis althuser(٢٠٠٦) philosophy of the encounter : leter writhings ١٩٧٨-١٩٨٧ . translatedby G.MGoshgarian, verso ,pp١٦٣-٢٠٧
- Malesevic, sinisa(٢٠٠٦) Identity as Ideology, palgrave macmilan
- Giddens, Anthony (١٩٨١) A Contemporary Critique of Historical Materialism. London: The Macmillan Press
- Schmitt, Carl(١٩٨٥) Political theology, four chapter on the concept of sovereigntly, translated by George schwab, Cambridge: MIT Press
- Sinisa. malesevic(٢٠٠٦) Identity as ideology, understing ethnicity and nationalism, playgrave, macmillan
- Soleimani, K., & Mohammadpour, A. )٢٠٢٠(. Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of kolberi in Rojhelat. *The British journal of sociology*, *71*)٤(, ٧٤١-٧٦٠
- Weber, max( ٢٠١١)Methodology of Social Sciences, Edited and with a new introduction by Robert J. Antonio and Alan Sica, Published by Routledge

- Will Kymlicka,(٢٠٠٠) Politics in the Vernacular: Nationalism, Multiculturalism, Citizenship (Oxford: Oxford University Press

- کانت،ا ایمانول(١٩٩٢) روشنگری چیست، ترجمه هرمز همایون‌پور، مجله کلک، شماره ٢٢

- محمدی، نریمان(٢٠٢١) پاندمی فانتزی‌ها در فضای دیستوپیایی، پۆلیتیا، سال سوم شماره اول